# ریفراندۆمی هەفتانە

کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەری دەکات

ژمارە ٨

سەرنوسەر: محسن کریم | سایتی ریفراندۆم | www.kurdistanreferendum.net | ١٠ ی دیسەمبەری ٢٠٠٤


**Referendum Campaign for Independence of Kurdistan**

## ووتەی کرانەوەی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

ئاسۆ کمال



بەریزان ، ئامادەبوانی خۆشەویست
بەناوی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە بە خێرهاتنێکی گەرمتان لێدەکەم و هیوادارم ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتوبێت و لە ئاستی ئەو تەوەقعەدا بێت کە هەزاران کەس چاوەڕوانی لێدەکەن. ئێوە بە ئامادەبونتان لەم کۆنگرەیەدا و بە پشتیوانی هەموو ئەو کەسانەی فرسەتیان هەبووە بە نامەی پشتیوانی بەشداری بکەن ، ئەمڕۆ دەتوانن دەنگی نەبیستراوی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی وسەربەخۆیی بەرزبکەنەوە و بەدنیای بگەیەنن.
ئەمڕۆ لە کاتێکدا لە عیراق هێزە قەومی و ئیسلامیەکان بە پشتیوانی ئەمریکا دەیانەوێت خەڵکی کوردستان بەبێ ویست وئیرادەی خۆی و بەناوی هەڵبژاردنەوە بخەنەوە ژێرسایەی دەوڵەتێکی مەرکەزی ، ئەم کۆنگرەیە ئەو شوێنە و ئەو دەنگ و ئیرادەیەی خەڵکی کوردستانە کە دژ بەم پێشێلکردنی مافی چارەنوسە ڕاوەستاوە.
ئێمە وەك خەڵکی کوردستان ئەوە بەمافی خۆمان دەزانین کە پێش هەلبژاردنەکان لە عێراق رفراندۆمێك لە کوردستاندا بکرێت و بزانن کە خەڵکی کوردستان چیان دەوێت؟ هیچ کات ئەم مافە سەرەتایی و دیموکراتیە بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی نەناسراوە.
هەر لەلایەن حزبی سەوزی سویدیەوە ، کە لە کۆنگرەی یەکەمی کەمپینی رفراندۆم لە ساڵی ٢٠٠١دا لە لندن کرا، بەرێز لۆتا هیدیسترۆم ووتی ، جیهانی دەرەوە نازانێ خەڵکی کوردستان چیان دەوێت؟ دەزانین یەکیتی و پارتی چیان دەوێت ، کە فیدرالی یە، بەڵام نازانین خەڵك خۆیان چیان دەوێت؟ بەداخەوە ئێستا دوای سێ ساڵ و بەنەمانی ڕژێمی بەعسیش هێشتا

بۆ دوالا پەرە



**کۆنگرەی لەندەن بە پشتیوانی نزیك بە هەزار کەس بڕیاری سەرکەوتوانەی سەبارەت بە چارەنوسی کوردستان دا**

کۆنگرەی لەندەن بەزۆربەی دەنگ و بە دەنگی نوێنەرایەتی و لیستی ئیمزاکانی نێردراوو بۆ کۆنگرە لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد بۆ داوای :
بەرپاکردنی ریفراندۆم بەرلەهەلبژاردن .
. بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان

بۆ لا پەرەی( ٣ )

**پەیامی پشتیوانی فدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە بەریتانیا بۆ کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە لەندەن لە ژمارەی داهاتوودا دەخوێننەوە**

## ووتەی محسن کریم لە کۆنگرەی لەندەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان رۆژی ٥-١٢-٢٠٠٤

ئامادەبووانی بەرێز من لە جیاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەخێرهاتننتان دەکەم بۆ ئەم کۆنگرەیە، هەروەها تەقدیری زەحمەتێك دەکەم کە کێشاوتانە بۆ ئامادەبوون. ماندوو نەبن. سوپاسی بەخشینی ئەم فرسەتەش دەکەم بۆ نیشاندانی بۆچوون و لێکدانەوەو رێگاچارەی حیزب بۆ کێشەی کورد لە کوردستانی عێراق.
سەرەتا ئەوە بڵێم کە کێشەی کورد لە عێراقدا دیاردەیەکی سیاسی مەوجودە. چەوسانەوەی میللی لە لایەن رژێمە شۆڤینسیتیەکانی عێراقەوە لە دژی خەڵکی کورد زمان لە ٦٠-٧٠ ساڵی رابردوودا بەوەحشیانەترین شێوە بەرێوە براوە. ناسیۆنالیزمی کوردیش کەخۆی وەکو نوێنەری خەڵك نیشان داوە، دەوری هەبووە لەسەر قوڵکردنەوەی ئەم کێشەیە. بەم جۆرە ئەم کێشەیە لەنزیکەی ٤٠ ساڵ لەمەوبەرەوە بووەتە گرێیەکی سیاسی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای عێراقدا کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر زیان و ئایندەی خەڵکی کوردستان و عێراقیش داناوەو ناکۆکی و نەفرەت و کینەی قەومی پەرە پێداوە لە نێوان دانیشتوانی کوردزمان و عەرەبزمانی عێراقدا. وە خەڵکی کوردستان رووبەرووی پاکسازی نەتەوەیی بووەتەوە.
ئەم کێشەیە دەبێت چارەسەر بکرێت و ئەم گرێ سیاسی‌یە دەبێت بکرێتەوە. خەڵکی کوردستانیش دەبێت لەژێر باری چەوسانەوەو کوشتارو ئەنفالکردندا بێنە دەرەوە.
بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد کە خۆی وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نیشانداوە، لە ماوەی ٤٠-٤٥ ساڵی رابردوودا خوازیاری حوکمی زاتی بووە. بە پێ‌ی بەرژەوەندی خۆی لە دابەشکردنی بەش و دەسەڵات لەگەڵ رژێمی‌ناوەندیدا، خواستی خەڵکی کوردستانی لەم چوارچێوەیەدا قەتیس کردبوو. دوای راپەرینی ئازاری ١٩٩١یش خواستی فیدرالیزمی نەتەوەیی‌یان بەرزکردەوە بەپێ‌ی ئەو هێزهاوسەنگی‌یە سیاسیە تازەیەی کە بەدوای جەنگی کەنداوو راپەریندا هاتبووە پێشەوە. هەڵبەت ناسیۆنالیزمی کورد بەپێ‌ی ئەوەی کە لە نەخشەی ئەمریکادا لە عێراق جێگایەکی پەیدا کردبوو، لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندو رزێمی بەعسدا خۆی بەبەهێزتر دەبینی.
ئەم خواستە لەچاو حوکمی‌زاتی‌دا پلەیەك ئیمتیازی زیاتری بۆ ئەو دەگرتە خۆی. بەڵام پڕوپاگەندەی ناو خەڵکیان ئەوە بوو وە ئەوەیە کە ئەم فیدرالیزمە لەگەڵ سەربەخۆیی‌دا ئەوەندە دوور نی‌یە! گوایە کێشەی کورد بە فیدراڵیزمی نەتەوەیی چارەسەر دەبێت!

بۆ لا پەرە ( ٢ )

پاشماوەی لاپەرە( ١ )

بەلاّم فیدالّیزمی نەتەوەیی ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات. بەلّکو کێشەکە دەهێلّێتەوە. فیدرالّیزمی نەتەوەیی بەشێکی زیاتر لە دەسەلاّت دەکاتە نسیبی ناسیۆنالیزمی کورد لەچاو حوکمی زاتیدا، بەلاّم کێشەی میللی خەلّکی کوردزمان وەکو ئاگری ژێر خۆلّەمێش رادەگرێتو لەهەر ساتوکاتێکدا قابیلی تەقینەوە دەبێت. بەم بەلّگانەی خوارەوە:

فیدرالّیزمی نەتەوەیی بەپێی پێناسەی نەتەوەییو ئەتنیکی دانیشتوانی عێراق بەشیان لە دەسەلاّتی سیاسیو ئیدارەی دەولّەتدا، رادەو ئاستی مافەکانیان دیاری دەکات، نەك بە پێی هەویەی ئینسانیو هاولاّتیبوون مافی یەکسانیان هەبێت.واتە جیاوازی نێوان دانیشتوانی عێراق، لەسەر بنەمای نەتەوەییو ئەتنیکی دەهێلّێتەوەو پەرەی پێدەدات. کێشەی وەرگرتنی بەشی زیاتر لە دەسەلاّت، مافو ئازادیو بەهرەمەندبوون لە سەرچاوەکانی ژیانو خۆشگوزەرانی لە لەسەر ئەم بنەمایە دەکاتە بەشێك لە فەرهەنگی سیاسیو کێشمەکێشی سیاسیو کۆمەلاّیەتی ناو کۆمەلّگا.

فیدرالّیزمی نەتەوەیی بەپێی رێژەی سەدی نەتەوەو ئەتنیکەکان دەسەلاّتو مافیان دیاری دەکات. ئەوەی نەتەوەیەی ژمارەی زیاترە بەشی زیاتر و ئەوەی کەمترە بەشی کەمتری بەر دەکەوێت! ئەمە یانی مەوقعیەتێکی نزمتر بۆ خەلّکی کوردزمانی عێراق لەچاو باقی دانیشتوانی عەرەبزماندا. ئەمە یانی راگرتنی جێگاو رێگای بانتر بۆ دانیشتوانی عەرەبزمانی عیراقو جێگاورێگای نزمتر بۆ خەلّکی کوردزمانی عێراق.بەم پێیەش راگرتنی ئاگری رقو کینەی نەتەوەیی لە نێوان دانیشتوانی عێراقدا.

فیدرالّیزمی نەتەوەیی دابەشکردنی دەسەلاّتە بەپێی هێزهاوسەنگی نێوان ئەو لایەنانەی کە خۆیان وەکو نوێنەری کوردو عەرەب دەناسێنن. ئەم رێژەیەش بەپێی هاوسەنگی سیاسیو چەکداری نێوان ئەو هێزانە لەهەر قوناغێکدا دیاری دەکرێت. ئەم هێزهاوسەنگییەش لەهەر قۆناغێکی دیکەدا قابیلی تێکچوونو لاسەنگبوونە. بۆیە سەرهەلّدانەوەی شەڕو کوشتارو گەرمبوونەوەی کێشەکەو دەستپێکردنەوەی ستەمو سەرکوتی میللی ئەگەرێکی کراوەیە. ئەگەر ئێستا ناسیۆنالیزمی کورد ئیحساسی پلەیەك لە بالاّبوونی هێزی خۆی دەکات لەچاو ناسیۆنالیزمی عەرەبیو ئیسلامی سیاسی موتوربەکراو بە ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، ئەوا لە دەورەی داهاتوودا ئەو ئەگەرە هەیە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی ئیحساسی بەهێزی زیاتر بکەنو بدەن بەژێر ئەو رێکەوتنەشدا کە ئێستا دەیبەستن لەگەلّ ئەم هێزانەدا. نمونەی تەجروبەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە سالّی ٩٧٠ تا ٩٧٤ لەگەلّ رژێمی بەعسدا، نمونەیەکی ئەو جۆرە پەیمانو رێکەوتن هەلّوەشانەوەیە. ئەوکات دەبێت خەلّکی کوردستان لەگەلّ ئەو پاشەکشەیەی ناسیۆنالیزمی کوردا، خۆی بۆ مالّوێرانیو کوشتارو دەرەبەدەری دووبارەو چەندبارە ئامادە بکاتەوە!

لەلایەکی دیکەوە فیدرالّیزمی نەتەوەیی، یانی ئارایشدانەوەی دەولەت لە عێراقدا لەسەر بنەمای فیدرالّیزم. مانای ئەوەیە کە میللەتێك،واتە کورد، ئەیەوێ سیستەمێك بۆ پێکەوەژیان بەسەر باقی دانیستوانی عێراقدا بسەپێنێت. ئەمەش مومکین نییە وە مافی خەلّکی کوردزمان نییە کە شێوازی دەسەلاّت بۆ نزیك بە ٢٠ ملیۆن کەسی دیکە دیاری بکات. شێوازی فیدرالی دەسەلاّت بۆ عێراق پێویستی بە رەزامەندی هەموو دانیشتوانەکەی هەیە نەك بەشێکی.

بۆیە فیدرالّیزمو شێوازی تەقسیمی دەسەلاّت لەسەر بنەمای فیدرالّیزمی نەتەوەیی چارەسەری کێشەی کورد ناکات، بەلّکو کێشەکە بە هەلّواسراویو خەفەکراوی دەهێلّێتەوە. هەرکاتێك کزەبایەکی کێشەو ناکۆکی نێوان هێزە ناسیۆنالیستیەکانی هەردوولا هەلّیکرد، ئەگەری تەقینەوەو دوبارە دەستپێکردنەوەی جەنگو راکێشرانەوەی خەلّکی کوردستانو عێراق بۆ ناو پێکدادانو ئاگری شەری نەتەوەیی ئەگەرێکی کراوەو بەهێز دەبێت.

چارەسەری کێشەی کورد لە رێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادانەی خەلّکی کوردستانەوە دەبێت بۆ بریاردان لەسەر مەسەلەی مانەوە لە چوارچێوەی وولاّتو دەولّەتی عێراقدا یان جیابوونەوەو پێکهێنانی دەولّەتی سەربەخۆ لەکوردستان. ئەمە رێگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە کە چەند سالّە تەرحی کردوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە.

ریفراندۆم ، واتە گەڕانەوە بۆ رای خەلّك بۆ ئەوەی بریار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن. حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی هیچ کاتێك نەگەراونەتەوە بۆ رای خەلّكو هەمیشە لەسەروو ئەوانو بێ پرس بەوان لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە ژیانو چارەنوسی ئەو خەلّکەوە هەبوە، بریاریان داوەو بریار دەدەن. ئەوان هەمیشە دەوری کوێخایان بەسەر خەلّکەوە بینیوەو دەبینن. تەنانەت لەم دواییانەشدا پشتگیریان بۆ "بزووتنەوی ریفراندۆم" کە لە شارەکانی کوردستانو ئەوروپاش خۆپیشاندانیان بەرێ خست، بۆ ئەوە بوو کە بەرهەمەکەی بکەنە گیرفانی خۆیانەوە لە پێناو فیدرالّیزمەکەی خۆیان، نەك ئەوەی کە بروایان بە گەرانەوە بۆ رای خەلّك هەبێت. وە بە واقعیش کاتێك ئیشیان پێی نەما خەبەرێك لە ریفراندۆمو"بزووتنەوەی بەرەو ریفراندۆم"یش نەما....

هەلّبەت ریفراندۆم بۆ ئەوە نییە خەلّك دەنگ بۆ فیدرالّیزمی نەتەوەیی بدات. هەروەکو پێشتر ووتمان ئەمە پەیوەندی بە هەموو خەلّکی عێراقەوە هەیەو دەبێت ئاکامی بریاری هەموویان بێت. هەروەکو لە مێژووی تازەشدا وەبوە وە لە راگەیاندنی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە، ریفراندۆم بۆ ئەوەیە کە میللەتێك دەیەوێ لەگەلّ میللەتێکی دیکەدا بژی لە




چوارچێوەی وولاّتێکدا یان نا؟ ئەمە ئیتر پەیوەندی بە خەلّکی کوردستان خۆیانەوە هەیە نەك کەسی دیکە. ئایا دەیانەوێ لە عێراقدا بژین یان دەولەتی سەربەخۆ پێك دەهێنن؟ ریفراندۆم بۆ وەلاّمە بەم پرسیارە لەلایەن تەنها خەلّکی کوردستانەوە! واتە لە پرۆسەی ریفراندۆمدا تەنها خەلّکی کوردستان بریار لەسەر ئەو پەیوەندییە دەدەن کە لەگەلّ دەولّەتی عێراق دەیان بێت. خەلّکی عەرەبزمانیش، ناتوانن وە مافی ئەوەیان نییە، وە یان ئەوهێزە سیاسیانەی خۆیان بە نوێنەری ئەوان دەناسێنن بۆیان نییە بە خەلّکی کوردستان بلّێن هەر دەبێ لەگەلّ ئێمە بژین. ئاکامی ریفراندۆمەکەش رەسمیەتی نێودەولّەتیو یاسایی دەبێت.

ئێمە لە ئێستادا پێمان وایە کە کێشەی کورد لە رێگای ریفراندۆمێکەوە وە بە بریاردان لەسەر جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولّەتی سەربەخۆ کۆتایی پێ دێت. ئەگەرە سیاسیەکان بە داخەوە ئەوە نیشان دەدەن کە دەولّەتی داهاتووی عێراق دەولّەتێکی نەتەوەیی عەرەبی– ئیسلامی بێت. . . بۆیە زەمانەتی مافی یەکسانی هاولاّتیبوون بۆ خەلّکی کوردزمانی عێراق ئەگەرێکی نامومکینەو هەلاّواردنو چەوسانەوەو نایەکسانی دەبێتەوە بە بەشێك لە واقعیەتی ژیانی خەلّکی کوردستان. بۆیە تەنها رێگای ئینسانیو عەدالەتخوازانە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە جیابوونەوەی کوردستانە. ئێمە سەربەخۆیی خواز نینو لە روانگەی بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی کوردەوە تەرحە سیاسیەکەی خۆمان ناکەین، ئێمە ئینسان لە عێراق بۆمان ئەسلّەو کێشەی کوردیش بوەتە گرێیەکی سیاسیو کێشەیەکی ئینسانی کە ئێمە دەمانەوێ ئەو گرێیە بکەینەوەو ئەو کێشەیە لە ریشەوە چارەسەر بکەین.

بەم پێیە ئەنجامدانی ریفراندۆمێك لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراقدا مەسەلەیەکی دەستەبەجێیەو دەبێت پێش هەلّبژاردنی سەراسەری عێراق ئەنجام بدرێت.

سەبارەت بە کێشەی کەرکوك، بە بروای ئێمە دەبێت کەرکوك لە پرۆسەی ریفراندۆمی گشتی کوردستاندا بەشداری بکات. کەرکوك ناوچەیەکی کوردنشینەو هەر بەم دەلیلەش رژێمی بەعس سیاسەتی تەعریبکردنی گرتۆتە پێش. بۆیە دانیشتوانی شاری پارێزگای کەرکوك،

بۆ لاپەرە( ٣ )

## پاشماوەی لاپەڕەی ( ١ )
## کۆنگرەی لەندەن

بەبەشداری نزیکەی ١٠٠کەس، کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە هاوکاری کۆمیتەی باڵای رفراندۆم بۆکوردستان لقی ئەورووپا، بەزمانی کوردی وئینگلیزی ئەم کۆنگرەیەی ریکخست ڕۆژی١٢/٥/ ٢٠٠٤، ووتەی کرانەوەی کۆنگرە لەلایەن ئاسۆ کمال بەرپرسی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێشکەش کرا .پاشان لینا کلیڤیناس، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی حزبی سەوزی سوید، ووتەی دوەمی پێشکەش کرد کە تیایدا پشتیوانی توندی حزبی سەوزی سویدی لە خواستی رفراندۆم دەربڕی و ئامادەی هاوکاری نیشان دا بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە و بەدەستهێنانی پشتیوانی نێو دەوڵەتی .

ووتەی سێهەم لەلایەن سابیر کۆکۆیی بەرپرسی کۆمیتەی باڵای رفراندۆم–لقی ئەوروپا پێشکەش کرا . پاشان محسن کەریم وتەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقی پێشکەش کرد. ووتەی پێنجەم لەلایەن فاتح شیخ ، سیاسەتمەدار لەکوردستانی ئیران و سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران – حیکمەتیست پێشکەش کرا. د.ریبوار فتاح بەرپرسی کوردیش میدیا، ووتەی شەشەمی پیشکەش کرد و ووتەی حەوتەم لەلایەن د. جواد ملا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان پێشکەش کرا. پاشانیش دەشتی جمال نوینەری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی پەیامی فیدراسیۆنی بۆ کۆنگرە خوێندەوە و لە کۆتاییدا وتاری پرۆفیسۆر مایکل گۆنتەریش لەلایەن د. دەیڤید مۆرگان پشتیوانی هەمیشەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی تری کۆنگرەکەدا پەیامەکان لەلایەن لیژنەی بەڕێوەبەری کۆنگرەکە خوێندرانەوە . پەیامی چەند ئەندام پەرلەمانی حزبی لەیبەری بەریتانیا و کەسایەتی خویندرایەوە. لەوانە پەیامی جۆن ماکدۆناڵ ئەندام پەرلەمانی حزبی لەیبەر ، پەیامی رودی ڤیز ئەندام پەرلەمانی حزبی لەیبەر ، کەسایەتی د. هانز برانشدێت لە ئەلمانیا. کەسایەتی ئەندریس بورگوفەر لە نەمسا. وە چەند کەسایەتی تر.

هاوکات پەیامی نوێنەران و خەڵك کە پشتیوانیان لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردبوو بەم شیوەیە خوێندرانەوە. پەیامی دانیمارك کە لەلایەن هیدایەت مەلا علی نیردرابوو (٩١ کەس)، پەیامی سویسرا کە لەلایەن فازل عوسمان نیردرابوو( ٢٠٠کەس)، پەیامی هولەندا کە لەلایەن دانا بەهادین نوێنەری کەمپینی رفراندۆم لەشاری ئەنشکدە هولنداوە نیردرابوو (٨٧کەس ) و نوێنەرایەتی هولەندە لەشاری ئەمستردام (٥٩ کەس)، نوێنەری فنلند سیروان ئەمین (٣٥ کەس) و پەیامی سوید لەلایەن بنەماڵەی ئەولاوە (٤ کەس) و نەهرۆ سعید بەرپرسی کۆمیتەی کوردستان لە ئوسترالیاو لە بەریتانیا (٢٧٠ کەس ) لەلایەن محمد داود لە شاری ستۆك نیوتن. نوینەرانی چەندین لایەن خویندنەوەی پەیامەکانیان لەم کۆنگرەیەدا بەشداریان کرد.

شایەنی باسە لە کۆنگرەی لەندەندا بڕیاری دانانی خێمەی تەبیلیغی و چالاکی جۆراوجۆری جەماوەری درا و هەروەها بڕیاری بڵاوکردنەوەی دەقی پەیام و پشتیوانیەکانی کۆنگرەش بە نامیلکە درا. شایەنی باسە نوینەری کۆمیتەی باڵای رفراندۆم دەنگیان نەداوە بە بڕیارنامەی کۆنگرە کە لە خوارەوەدا هاتوە.

## دەقی بڕیارنامە وپەیامەکانی
## کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

### بڕیار نامەی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

ئێمە خەڵکی کوردستان ، ماف خۆمانە پێش هەڵبژاردنی سەراسەری لە عێراقدا، ریفراندۆمێك لە کوردستاندا بەرپا بکەین،بۆئەوەی خۆمان ئەوە دیاری بکەین کە ئایا سەربەخۆیمان دەوێت یان دەمانەوێت لە عێراقدا بمێنینەوە.ئێمە ڕازی نابین بەبێ پرس و بەزۆر بخرێینەوە ژێر سایەی حکومەتی ناوەندی عێراق. هەربۆیە ئەمڕۆ داواکارین کە (رفراندۆم پێش هەڵبژاردن) ئەنجام بدرێت بۆ وەڵامدانەوە بە پرسی سەربەخۆیی.

### پەیامی کۆنگرە بۆ خەڵکی کوردستان
### خەڵکی ئازاد یخوازی کوردستان

کۆنگرەی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لەپێناو بەدیهێنانی ماف دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان لەلایەن خەڵکی کوردستان خۆیانەوە بەستراوە. لەم دەورە چارەنوس سازەدا کە خەریکە چارەنوس و نەخشەی دەولەتی عیراق ساغ دەکرێتەوە ، ئێمە لە پێناو بەرپاکردنی رفراندۆمێك لە کوردستاندا پێش لەو هەڵبژاردنانە کاردەکەین ،تاکو جەماوەری کوردستان بڕیار لەسەر چارەنوسی کوردستان بدات کە ئایا دەیەوێت سەربەخۆ بێت یان نا؟ ئەمە مانای دابینکردن و پێشێل نەکرانی ماف چارەنوسی خەڵکی کوردستانە . نابێت ڕێگا بدەین بەناوی هەڵبژادنەوە ئەم مافە لە خەڵکی کوردستان بسەننەوە و ڕاپیچی بکەن بۆ هەڵبژاردنێك کە بەبێ پرس بە ئێوە دەخرێنەوە سایەی حکومەتێکی ئیسلامی وقەومی لە عێراقدا.

هەر لێرەدا سوپاس و دەست خۆشانەی کۆنگرە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە نامەی پشتیوانی و هاوکاری خۆیان ئاراستەی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردوە و داوایان لێدەکەین کە بە هەموو تواناوە لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستاندا هاوکاری کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن.

ئێمە بانگەوازتان دەکەین کە لەپێناو ئەم خواستانەدا بەشداری ئەو چالاکی و هەنگاوانە بکەن کە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەیباتە پێشەوە.

**پەیامی کۆنگرە بۆ حزبە سەوزەکانی سوید و بەریتانیا و کەسایەتی ولایەنە هاوپەیمانەکانی خەڵکی کوردستان لە ژمارەی داهاتوودا دەخوێننەوە**

## پاشماوەی لاپەرە ( ٢ )

بە کوردزمانو عەرەبزمانو تورکمانەوە تێکرا بەشداری ریفراندۆمی گشتی دەکەنو ئازادانە دەنگی خۆیان دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە ئەم شارە کێشەیەکی سیاسی لەسەرەو هێزە ناسیۆنالیستیو ئیسلامیەکان هەریەکەیان ئیدیعای ئەوەی هەیە کە شارەکە هی ئەوە! لەبەرئەوەی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی لە کوردزمانو عەرەبزمانو تورکمان پێکهاتوون، وە سەرچاوەیەکی نەوتی مەزنیش لەم شارەدا هەیە کە ئەولایەنو هێزانە چاویان تێبڕیوە! بۆیە بێجگە لە ریفراندۆمی گشتی کوردستان، پێویستە ریفراندۆمێکی دیکە بۆ دانیشتوانی ئەم شارە ئەنجام بدرێت، ئەمەیان لە حاڵەتی ئەوەی لە ریفراندۆمی گشتیدا خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر جیابوونەوەو وپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بدەن، تاخەڵکی کەرکوك بڕیاری ئەوە بدەن کە ئایا لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان دەبن یان دەوڵەتی عێراق.

سەبارەت بە نەوتی کەرکوك، ئەویش دیسان لە حاڵەتی دروستبوونی دوو دەوڵەتدا، ئەوا پێویستە بە شێوەیەکی عادیلانە لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دابەش بکرێت. ناکرێت هیچ کام لە دەوڵەتی کوردستان یان دەوڵەتی عێراق لێی بێبەش بکرێت. خەڵکی کەرکوك ئەگەر بڕیاریان دا لەسەر دەوڵەتی کوردستان بن یان عێراق، ئەوا پێویستە هەیئەتێکی هاوبەش لە نوێنەرانی شارەکە لەگەڵ نوێنەری هەرکام لە دەوڵەتی کوردستانو عێراقو نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان سەرپەرشتی ئەو ڕێکەوتنامەیە بکەن کە لەم بارەیەوە مۆر دەکرێت.

## پاشماوەی دوا لاپەرە

ئەم کۆنگرەیە دەست بە کار بکەن بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی نیودەولەتی بۆ ماف ڕەوای بەرپارکردنی رفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان.خەڵکی کوردستان پێویستی حەیاتی بەم پشتیوانەی ئەوان هەیە و چاوەڕوانی زۆری لێیان هەیە.

جاریکی تر سوپاسی ئامادەبونی هەموو لایەك دەکەم و سوپاس و دەست خۆشانە بۆ ئەو کەس ولایەنانەی پشتیوانیان لەم کۆنگرەیە کردوە .

هیوادارم بتوانین بەم کۆنگرەیە خزمەتێك بە خەڵکی کوردستان بکەین

سەرکەوتوبێت کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

## پاشماوەی وتاری کرانەوەی کۆنگرە

ئەو مافە بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەوا ناناسن کە خۆی لە رفراندۆمێکدا ڕای خۆی بە جیهان ڕاگەیەنێت کە جیابونەوەی لە عیراق دەوێت یان نا؟

ئێمە چەند ساڵە بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافە تێدەکۆشین و بەڵام ڕێگری زۆر لەبەردەم خەڵکی کوردستاندایە بۆ گەیشتن بەم مافە.ئەم کۆنگرەیە هەنگاوێکی تری ئێمەیە بۆ کۆکردنەوەی هێزی خەڵکی کوردستان و ئەو هێزە جیهانیانەی هاوپەیمانی خەڵکی کوردستانن لە بەدیهێنانی ماف رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا.

ئێستا ئێمە لە وەزعیەتێکی حەساسدا قەرارمان گرتوە ، دەیانەوێ دوای سیانزە ساڵ لە سەربەخۆیی دیفاکتۆ ئەمڕۆ لە ڕێگای هەلبژاردنێکەوە کوردستان بخەنەوە ژێر سایەی دەولەتی مەرکەزی عیراق.

ئەگەر ئەم کارە سەربگرێت ،ئەوا خەڵکی کوردستان ماف دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان لە دەست دەدات و دەکرێتەوە بەبەشێك لە دەولەتێك کە خەڵکی کوردستان خوازیاری نی یە.

بەتایبەت تەجروبەی ساڵ ونیوی ڕابردووی داوی نەمانی بەعس نیشانی داوە کە ئەو هێزانەی ئەمڕۆ خەریکن دەولەتی عیراق دروست دەکەنەوە، سیستانی و ئیسلامیەکان و غازی یاوەر و علاوی و شۆڤینیستە عەرەبیەکانن کە هێشتا حکومەت نین فەتوا دژ بە کوردستان و هەڕەشە لە خەڵکی کوردستان دەکەن. نمونەکانی فەتوا و دژایەتیەکانی سیستانی و شیعەکان لە کاتی دانانی قانونی کاتی و بریاری مەجلسی ئەمندا و هەڕەشەکانی یاوەریش دژ بە رفراندۆم وجیابونەوە ئاشکران.

ئەنجامی ئەم هەلبژاردنانە ڕۆشنە کە ڕەسمیەتدان بە حکومەتێکی ئیسلامی وقەومی یە لەعیراقدا کە خەڵکی کوردستان دەبنە قوربانی تیایدا. هەربۆیە خەڵکی کوردستان بەبێ ئەنجامدانی رفراندۆمێکی ئازادانە لە کوردستاندا پێش لەم هەلبژاردنانە هەموو ماف وچارەنوسی دەکەوێتە بەر مەترسی و ترسی گەڕانەوەی بۆ ژێرسایەی ستەمی قەومی وژێر دەستەیی زەمانی بەعس.

ئێمە لەم کۆنگرەیەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرین کە خەڵکی کوردستان داوای رفراندۆم پێش هەلبژاردن دەکات و بانگەوازمان بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عیراق نەکەن پێش بەرپاکردنی رفراندۆم لە کوردستاندا و هیچ شەرعیەتێك بەو هەلبژاردنانە نەدەن کە پێش لە رفراندۆم دەکرێت.

ڕێگاچارەی خەڵکی کوردستان لە عیراقدا لە ئێستادا جگە لە سەربەخۆیی یەکجاری و دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ شتێکی تر نییە.

تەجروبەی یەك ساڵ و نیوی ڕابردوو و تەجروبەی مانەوە لە عیراقدا بوە کە یەکیتی و پارتی بەناوی فیدرالیەوە هەڵیان بژاردوە.

خەڵك بەم تەجروبەیە ناڕازیە هەر لە قانونی کاتیەکەیەوە کە شەریعەتی ئیسلام کراوەتە دەستوری دەوڵەت تاکو پۆستی سەرۆکایەتی دەوڵەت و حکومەت کە ناسنامەی عەرەبی کردۆتە پلەیەك و بەم پێیە ناسنامەی کوردبونی کردۆتەوە پلەدوو.

هەڕەشەی ئیسلامیەکان و قەومیە عەرەبیەکان لە خەڵکی کوردستان ئاشکرایە کە دەڵێن بە هێنانی زۆربەی دەنگەکان لەم هەڵبژاردنانەدا خەڵکی کورد دەبێتە کەمایەتیەك کە دەبێت گوێ ڕایەڵی فەرمانی حکومەتی زۆرایەتی مەرکەز بێت و ئەمە هەمان سیناریۆی حکومەتی بەعسە بەڵام ئەمجارە شەرعیەتی بەناو لە زۆرینەی دەنگ و هەلبژاردنەکانەوە هێناوە.

بەم پێیە ڕێگای مانەوە لە عێراقدا ، ڕێگای فیدرالیزمێکی کاتی بەبن بەست گەیشتوە کە چارەسەری کێشەی کورد ناکات و هەڕەشەی گەڕانەوەی ستەمی قەومی و ژێردەستەیی لەسەر خەڵکی کوردستان لانابات و تەنیا ڕێگاچارەی واقعی سەربەخۆییە ، هەروەك ئەوەی لە تەیموری شەرقی کرا و لە سەحرای مەغریب بەدەستەوەیە و لە فەلەستین داوا دەکرێت.

ئەم ڕاستیە سادەیە لەدنیای ئەمڕۆدا گران دەبیسترێت بە هۆی فشاری دەڵەتانی قەومی عەرەبی و تورکیا و بەهۆی سات وسەودای ئەمریکا لەگەڵ ئەم هێزانە.

بریاری مەجلسی ئەمن ١٥٤٦ و کۆبونەوەی ئەم دواییانەی شەرم شێخ ئەم ڕاستیەی سەلماندوە کە ئەمریکا نەك ڕێگانادات هیچ زەمانەتێك بۆ پاراستنی نێودەولەتی بۆ خەڵکی کوردستان لە عیراقدا بەدەست بێت بەڵکو بۆ ڕازیکردنی سیستانی و ناسیونالیزمی عەرەبی هەمیشە ئامادەیە خەڵکی کوردستان بکاتە قوربانی.تەنیا زەمانەتی نێو دەولەتی سەلماندنی ماف رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی یە.

هەربۆیە سەرەڕای فشار و چەواشەکاری یەکیتی وپارتی بۆ بەشداریکردنی خەڵك لە هەلبژاردنی عیراق و چونەوە ژێرسایەی دەولەتی مەرکەزی، بەپیچەوانەوە خەڵکی کوردستان دژ بەم گەڕانەوەیەیە و ڕێگای سەربەخۆبون و نەگەڕانەوە بە ڕێگاچارەی خۆی دەزانێت .

خۆپیشاندانەکانی مانگی تەموز و ئۆکتۆبەر لە شارەکانی سلیمانی و هەولیر و لە دەرەوە ئەم ڕاستیە نیشان دەدات.

ئەم جیابونەوەیە لە نیوان بەرژەوەندی وهەلویستی یەکێتی و پارتی لە بەرامبەر بەرژەوەندی و هەڵویستی خەڵکی کوردستاندا ئەمڕۆ دیارە و تەنانەت میدیای ئەم حزبانەش ناتوانن بیشارنەوە و خەڵك قەناعەت پێ بێنن.

یەکێتی وپارتی لە پێناو هێشتەوەی پەرلەمانە کاتیەکەی کوردستانیان و میلیشیاکانیان لە بەرژەوندیانە بەشداری لەو هەلبژاردنانەدا بکەن و ئەم کارە لەسەر حسابی دۆڕاندن و لەدەستدانی ماف دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان دەکەن.

هەربۆیە ڕێگای فیدرالیە کاتیەکەی ئەو حزبانە ڕێگای ڕزگاری خەڵکی کوردستان نیە و ڕێگای ئەم خەڵکە سەربەخۆیی و بەرپاکردنی رفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی و وەڵامدانەوەی خەڵکی کوردستانە بەم پرسە بە ئا یان نا؟

بێگومان دەبێت رفراندۆم هەموو ناوچە تەعریب کراوەکانی کەرکوك و خانەقین و شوێنەکانی تر بگرێتەوە، ئەمانە بەشێکی جیانەکراوە لە کێشەی کورد و چارەنوسی کوردستانن لە عێراقدا و پێش هەڵبژاردنەکان دەبێت ئەم کێشانە وەك بەشێك لە کێشەی گشتی کورد لە عیراقدا چارەسەر بکرێت.

ئێمە لەم کۆنگرەیەوە کار بۆ بەدیهێنانی ئەم داواکاریانەی خەڵکی کوردستان دەکەین و ئەنجامەکانی ئەم کۆنگرەیەمان بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم دوو شیعارە :رفراندۆم پێش هەلبژاردن و رفراندۆم بۆ پرسی سەربەخۆیی ، ئا یان نا؟ یە.

ئەم دەنگ و بڕیارە کە ئێمە لەم کۆنگرەیەدا و ئەوانە کە بەنامەی پشتیوانی بەشداریان کردوە ، نوێنەرایەتی دەکەین دەنگ و بڕیاری زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانە.

هەربۆیە کاری ئێمە ئەوەیە کە جەماوەری کوردستان و هێزە هاوپەیمانەکانی خەڵکی کوردستان لە دەور کۆبکەینەوە و ئەم شیعارانە بکەینە شیعاری خۆپیشاندانی جەماوەری لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان.

هەربۆیە گرنگە کە بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە کاربکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکی جەماوەری لە وولاتانی ئەوروپا و کەنەدا و ئوستراليا بەرێ بخا و کەمپەینەکانی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ئێستا لە دە وولاتی دەرەوەی کوردستان چالاکانە کاردەکات لەم پێناوەدا.

ئێمە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم بڕیارانەی کۆنگرە لە ئێستاوە پێویستمان بەوەیە کە ئەم هێزە جەماوەریەی لە کوردستان و لەدەرەوە خواستی رفراندۆم وسەربەخۆیی هەیە کۆبکەینەوە و ڕێکخراوی بکەین .

هاوکات ئێمە لە کوردستانیش هەمان کاردەکەین و تەنسیق و هاوکاری دەکەین لەگەڵ هەموو کەس و لایەنێك کە ئامادەیە لەم بڕیارەی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا بەشداری بکات. هەربۆیە ئێمە لە بەشی دووەمی کۆنگرەدا بەدوای ووتارەکاندا پێویستە بچینە سەر ئەو بڕیار و نەخشە عەمەلیانەی کە بۆ بەدیهێنانی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێویستە.

هەر لێرەدا بانگەوازی هەر دوو حزبی سەوزی سوید و بەریتانیا و هەموو ئەو حزب و ئەندام پەرلەمان و کەسایەتیانەی هاوپەیمانانی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستانن دەکەم کە وەك کۆمیتەی ئەنتەرناسیونالی بۆ لاپەرە( ٣ )